

# بەرگریکردن لە مافی ژیان

بارودۆخی  مافەکانی (ها،د،ڕ+)هاوڕەگەزخوازان لە عێراق

IRAQUEER

عراق كوير عيراق كوير

# بەرگریکردن لە مافی ژیان

## بارودۆخی  مافەکانی (ها،د،ڕ+) هاوڕەگەزخوازان لە عێراق

© ٢٠١٨

# خشتەی پێکهاتەکان


| | |
|---|---|
| وێژە | ٥ |
| کورتەی جێبەجێکار | ٧ |
| توندوتیژی دژی هاورەگەزخوازان(ها،د،ڕ+)ی عێراقی | ٩ |
| کێ ئەم توندوتیژی و پێشێلکارییانە ئەنجام ئەدات؟ | ١٢ |
| لەکوێ توندوتیژییەکان ڕوو ئەدەن؟ | ١٥ |
| ڕۆڵی میدیاکان | ١٦ |
| پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+)ی عێراقی | ١٨ |
| پابەندبوونی یاسایی عێراق | ١٩ |
| پێشنیارەکان | ٢٠ |
| دەربارەی ئەم ڕاپۆرتە | ٢١ |
| ستایش | ٢٢ |


ئاگاداری: ئەم ڕاپۆرتە وێنە و وردەکاری توندوتیژی تێدایە

# وێژە

| | |
|---|---|
| ها،د،ڕ+ | هاوڕەگەزخوازان (نێر و مێ) ، دووڕەگەزخوازان،ڕەگەزگۆڕان وە شوناسی دیکە |
| هاوڕەگەزخواز (نێر) | کەسێک کە خۆی بە پیاو پێناس ئەکات و خوازیاری پیاوە. |
| هاوڕەگەزخواز (مێ) | کەسێک کە خۆی بە ژن پێناس ئەکات و خوازیاری ژنە. |
| دووڕەگەزخواز | کەسێک کە خوازایاری پیاویش و ژنیشە. |
| ڕەگەزگۆڕاو | کەسێک کە خۆی پێناس ئەکەت بە ڕەگەزێک کە جیاوازە لەو ڕەگەزەی پێوەی لەدایکبووە. |
| + | شوناسی دیکە وەکو نا ڕەگەزخواز و هیتر. |
| دەربڕینی جێندەر | ئەو ڕەفتارانەی کە پەیوەستن بە شوناسی جێندەری کەسێک. |

# کورتەی جێبەجێکار

کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان، دوو ڕەگەزخوازان، ڕەگەزگۆڕاو، و هی تر (ها،د،ڕ+) یەکێکە لە نادیارترین کۆمەڵگەکانی ناو عێراق. کەسانی ئەم گروپە زۆریان لێ ئەکرێت کە بە نهێنی بژین لەترسی ئەوەی مافە سەرەتاکانیان لەدەست نەدەن وەکو مافی تەندروستی و خوێندن، وە تەنانەت مافی ژیانیان. کۆمەڵگەکە توشی توندوتیژی ئەبێت لە لایەن گروپی چەکدار، حکومەت، تەنانەت خێزان، هاوڕێ، و دراوسێوە. هەموو ساڵێک لە ٢٠٠٦وە، بە لایەنی کەمەوە یەک هەڵمەتی کوشتن هەبووە کە نیشانە ئەخەنە سەر کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) لە عێراق. هیومان ڕایتس واچ (Human Rights Watch) کوشتنەکانی ٢٠١٢ ئەخەمڵێنیت بە زیاتر لە ٢٠٠ کەس[1]. ئێراق کویر و هاوکارەکانی کوشتنەکانی ٢٠١٧ ئەخەمڵێنن بە زیاتر لە ٢٢٠. [2] عومەر، هاوڕەگەزخوازێکی عێراقی تەمەن ٢٨ ساڵ کە ئێستا لە لوبنانە بە ئێراقکویری وت "خۆشەویستەکەم کوژرا لە مانگی شوباتی ٢٠١٧. دوو ساڵ بوو بەیەکەوە بوین، وە ئەو تەنها پشتی من بوو. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، ناچار بووم ڕابکەم بۆ ئەوەی ژیانی خۆم ڕزگار کەم."

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوشتن کە تۆمار کراوە، هیچ کردارێک نەبووە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە سزا بدرێن. بگرە حکومەت هاوکارە لەم تاوانانەیا، ئەوەش وای کردووە کە زیاتر کەسانی هاوڕەگەزخواز لە کۆمەڵگا داببڕێن لەبەر ئەوەی توانایان کەم ئەکاتەوە کە پشتگیری لە مافەکانیان بکرێت، و نارەزایی دەربڕن بەرامبەر ستەم کردن، وە بە سەلامەتی ژیانێک بە خواستی خۆیان بژین.

دوای ئەوەی ئەمریکا و بەریتانیا  دەست درێژیان کردە سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەتوانین بڵێین هەموو عێراقییەکان توشی barودۆخی مەترسیدار بۆ ژیانیان بوون. بەڵام بارودۆخەکە بۆ کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+) خراپترە و مەترسیدارترە لەبەر ئەوەی پاراستنێکی یاساییان نییە بە هیچ شێوەیەک وە تا ئێستا هیچ خواستێکی سیاسی نییە لەلایەن حکومەتەوە بۆ دان پیانان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دژ بە هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+). حکومەت نایەوێت کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+)بە هاوڵاتی عێراق دابنێت وە نایەوێت بیانپارێزێت.[3] وە نادیاری لەبەردەم یاسادا کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+)ئەخاتە

---

[1] "ئەیانەوێت بەتەوای لەناوببرێین" | کوشتن، ئەشکەنجەدان، باری ڕەگەزخوازی و جێندەر لەناو عێراقدا. " هیومان ڕایتس واچ Human Rights Watch. ٢٩ی نیسان، ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/report/2009/08/17/they-want-us-exterminated/murder-torture-sexual-orientation-and-gender-iraq.

[2] دۆسیەی ئێراقکویر، ٢٠١٦-٢٠١٧

[3] "ڕاوکردنی هاوڕەگەزخوازان لە عێراق." دۆکیومێنتەری کەناڵی BBC ، یوتیوب YouTube، ٩ی تشرینی یەکەم. ٢٠١٢،
www.youtube.com/watch?v=1vvMCXI1Z14.

مەترسییەکی گەورەوە لەبەر ئەوەی بێبەشیان ئەکات لە سەرچاوەی یاساییەکان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان. نەبوونی پاراستن وە دەرفەتی گەران بەدوای دادپەروەری زیاتر ئەیانخاتە ژێر گلەوە. کە قسەی لەگەڵ ئێراقکویر کرد، (ڕەنا) لە بابلەوە وتی "من ئەمرم بەبێ ئەوەی کەس بزانێت هاوڕەگەزخوازبووم. هەموو هەستەکانی هەمە، وە هەموو ئەو کچانەی هەستم بۆیان هەبووە بە نهێنی ئەمێننەوە و لەگەڵ خۆما ئەیانبەم بۆ قەبرەکەم. باوەڕناکەم هەرگیز عێراقێک ببینم کە پێشوازی لە خەڵکی وەکو من بکات"

ئێستا دوای ئەوەی کە داعش ڕوخێنراوە لە عێراق، حکومەتی عێراقی ئەبێت ئاماژە بە تاوانەکانی گروپی تیرۆریستیەکە بکات لە دژی  ژنان، خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) وە کەسانی تر. بەهەمان شێوە، کۆمەڵگەی نێوەدەڵەتی International Community پێویستە لەسەر بەڵێنەکەی خۆی بمێنێتەوە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤی کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+) بە گوشار کردنەوە لەسەر حکومەتی عێراقی کە ژیانی هاوڵاتیانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) بپارێزێت وە پشتگیری لە پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+)  بکات کە وڵاتی وەکو عێراق بەجێ ئەهێڵن کە تیایدا ژیانیان لە مەترسیدایە.









چەند وینەیەك پۆست کراون لە لەلایەن لایەنگرانەی داعشەوە کە وێنەی پیاوێکە گومانی هاوڕەگەزخوازی لێ کراوە لە بینایەکەوە هەڵدراوەتە خوارەوە لە موصڵ، عێراق

# توندوتیژی دژی هاوڕەگەزخوازانی عێراقی

دان نان بەم تاوانانەدا تەنها یارمەتی ئەوە نادات کە مافەکانی ژیانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) بپارێزێت و مافی ئەوەیان بدرێتێ کە ببنن بەوەی خۆیانن ئەیانەوێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دان نانە بە مرۆڤایەتیانەوە کە هیچ جیاوازییەکی نییە لە هیچ گرووپێکی تر.

ئەندامانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) لە عێراق توشی توندوتیژی لە ڕادەبەدەر بوون. لە ساڵی ٢٠٠٣وە، بە لایەنی کەمەوە ساڵێ یەک هەڵمەتی کوشتن هەبووە کە نیشانەی کەسانی هاوڕەگەزخوازایان (ها،د،ڕ+) کردووە.[4] ئەم تاوانانە ئەنجام دراون لەلایەن چەند گروپێکی جیاجیاوە. بەڵام سەرەڕای ئاشکرایی و ترسناکی ئەم تاوانانە، حکومەتی عێراق و سیستمی یاساییەکەی ئاماژەیان بەم تاوانانە نەکردووە. هیچ کەسێک بەرپرسیار نەکراوە بۆ ئەشکەنجەدان و کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) یان ئەوانەی وا دەرئەکەون کە هاوڕەگەزخوازن. ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) باسیان کردووە کە توشی توندوتیژی بە شێوەیەک بوونەتەوە.[5] سوکایەتی پێکردن و جنێو پێدان زۆر بڵاوە دژی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+). لەبەرکردنی پانتۆڵی تەسک، وە بوونی قژی درێژ و وە دەربڕینێکی جێندەری "کچانە" هەمووی هۆکارن بۆ تووشبوونی ئەم کەسانە بە جنێو و سوکایەتی پێکردن. لە زۆربەی حاڵەتدا، خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) توشی توندوتیژی جەستەیی، دەستدرێژی سێکسی، وە لە حالەتی لە ڕادەبەدەردا توشی کوشتن ئەبن. مازن، کە کوڕێکی هاوڕەگەزخوازە لە بەغدا ئەژی باسی ئەو هەڕەشانەی بۆ ئێراقکویر کرد کە باوکی لێی کردووە. لە چاوپێکەوتنێکا کە لە مانگی یەکی ٢٠١٨دا کرا، پێی وتین "ماڵی باوکمم بەجێ هێشت شەش مانگ لەمەوپێش. باوکم ئەفسەری پۆلیسە وە پێی زانی کە من هاوڕەگەزخوازم. لەو کاتەوە هەڕەشەم لێ ئەکات کە بمکوژێت. لەو کاتەوە لە ماڵێ هاوڕێیەکم ماومەتەوە، بە دەگمەن ئەچمە دەرەوە." هەڵمەتی کوشتنەکانی ڕێکخراون لەلایەن گروپی وەکو اصاعب اهل الحق ڕودواوێکی بەردەوام بووە بۆ زیاتر لە دە ساڵ. نوێترین هەڵمەت کە تۆمار کراوە ڕوویداوە لە مانگی یەکی ٢٠١٧ کە زیاتر لە سەد ناو خرابونە لیستەوە وە هەڕەشە لەو کەسانەی ناو لیستەکە کراوە کە یان بگۆڕێن یان ئەکوژرێن.[6] ڕێکخراوی وەکو ئێراقکویر و حیلم[7] بە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان

---

[4] "مردن بۆ ئازادبوون: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی هاوڕەگەزخوازان لە عێراق | لە وەڵامدانەوە بۆ پێنجەم ڕاپۆرتی خولی کۆماری عێراق. ئاب ٢٠١٥. https://www.iraqueer.org/projects/publications/

[5] چاوپێکەوتنەکانی ئێراقکویر IraQueer لەگەڵ ٢٥٧ کەسانی هاوڕەگەزخواز – ٢٠١٥-٢٠١٨.

[6] زانیاری کە کۆکراونەتەوە لە کەسانی هاوڕەگەزخواز لەلایەن ئێراقکویر IraQueer و حیلم Helem - کانونی دووەمی ٢٠١٧.

[7] ڕێکخراوێکی هاوڕەگەزخوازانی لوبنانی. بۆ زانیاری زیاتر: www.helem.net

**"هەست بە سەلامەتی ناکەم لێرە. هەست ناکەم ئەمە نیشتمانی منە"**

لەگەڵ چەند کەسانێک هەبووە کە لە لیستەکەیا بوون و پێویستیان بە یارمەتی بووە لە سەرەتای ٢٠١٧دا. ژمارەیەک لەو خەڵکانە چەند کەسانێکی هاورەگەزخوازیان ناسیبوو کە لە لیستەکەیا بوون و کوژراوبوون لەبەر ئەوەی هاورەگەزخواز(ها،د،ڕ+) بوون.

نا دادپەروەری خەڵکانی هاورەگەزخوازان توشی ئەبن دەست بەسەر هەموو ژیانیان ئەگرێتەوە. چەند کەسانێک کار کردنیان لێ رەفز کراوە یان لە کار دەرکراون لەبەر ئەوەی روخساریان "زۆر کچانە" بووە یان ڕازی نەبوون کە کرداری سێکسی بکەن لەگەڵ خاوەن کارەکان[8]. داواکردنی سێکس لەلایەن خاوەنکارەکانەوە زۆر ڕوو ئەدات، وە هەمیشە تۆمار ناکرێن. کەسانی هاورەگەزخواز (ها،د،ڕ+) بێجگە لەوەی پاراستنی یاساییان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسی ئەوەیان هەیە کە سزای یاسایی بدرێن لەبەر ئەوەی نەریتی کۆمەڵایەتیان گۆڕیوەو و "شەرەفی گشتیان تێکشکاندووە."[9] ئەمە بارودۆخی ڕەوا بوو کە کوڕێکی هاورەگەزخوازی تەمەن ٢٦ ساڵە لە دوهۆک ئەژی. ئاماژەی پێکرد لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئیراقکویر کە نەیتوانیوە لەسەر هیچ کارێک بمینێتەوە لەبەر ئەو توندوتیژیانەی توشی ئەبێ. وتی "دەستدرێژی سێکسیم کراوتە سەر لەلایەن خاوەنکارەکەمەوە کە لە قاوەخانە کارم ئەکرد، دوای ئەوە هەڕەشەی لێکردم کە بە پۆلیس بڵێت ئەگەر قسە بکەم. هیچ ئیختیارێکم نەبووە بۆیە ڕامکرد."

ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕەگەزگۆڕاوەکان توشی مەترسی زۆر ئەبن تەنها بە هەبوونیان. بەتایبەتی ئەوانەی چارەسەری هۆرمۆنی وەرگرن و گۆرانی جەستەیی دەرەکەوێت تیایاندا. وە لەبەر ئەوەی چارەسەری هۆرمۆنی یاسایی نییە گۆڕانی ڕەگەزی مەترسیدار تر ئەکات بۆ ئەو کەسانە. ئەنجامدانی نەشتەرگەری ڕەگەزگۆڕین




خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان کە تووشی توندوتیژی بوون - جەستەیی یان زارەکی - ٢٠١٥ - ٢٠١٨

---

[8] چاوپێکەوتنەکانی ئیراقکویر IraQueer لەگەڵ ٢٥٧ کەسانی هاورەگەزخواز(ها،د،ڕ+)دا – ٢٠١٧ – ٢٠١٨.
[9] بەندی ٤٠٣، ٤٣٠ و ٤٣١ ی کۆدی سزای عێراقی

**"تەنها دکتۆر کە چارەسەری لێ ڕەفز نەکردم داوای لێ کردم چوار ئەوەندە پارە بەم وەک لەوەی لە خەڵکی تری ئەسەندێ. پارەکەم بۆ نەدرا لەبەر ئەوە چارەسەرەکەم وەرنەگرت."**

ڕێگەپێنەدراوە لەلایەن یاساوە. ئەو خەڵکانەی ئەتوانن لە دەرەوەی عێراق نەشتەرگەرییەکە بکەن توشی کێشە ئەبن بۆ وەرگرتنی باوەڕنامەی یاسایی کە پێناسی دوای نەشتەرگەرییەکەیان پشان بدات. لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ئێراقکویر، نور وتی "وەرگرتنی هۆرمۆن کە بتوانم بەکاری بهێنم مەترسی ئەخاتە سەر ژیانم، بەڵام هەر ڕۆژێک کە کچ نەبووم من بیرم لە خۆ کوشتن کردۆتەوە." وە هەروەها وتی "ئەزانم توشی مەترسی زیاتریش ئەبم کە جەستەم دەست ئەکات بە گۆڕین، بەڵام پێم خۆشترە بمرم کاتێک روخسارم وەکو ناخم بێت وەک لەوەی بمرم و روخسارم ئەوە بێت کە کۆمەڵگە ئەیەوێت بۆم."

لەناو وڵاتەکەیا، خەڵکانی ڕەگەزگۆڕاو توشی بارودۆخی مەترسیدار بۆ ژیانیان ئەبن لەلایەن یاساو، خێزان، و دراوسێ وە هەتا خەڵاکانی غەریبەوە. توشی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی جۆری تر ئەبنەوە. بەیەکەوە لەگەڵ پیاوانی ڕەفتار کچانە کە بە هاوڕەگەزخواز دا ئەنرێن، زۆربەی جار دەبنە قوربانی زۆربەی تاوانی رقەبەرایەتی، وەکو کوشتنی ئاشکراو و لە شوێنی گشتی.

کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازانی مێینە، لەلایەکی ترەوە، بە ڕادەیەکی زۆر نادیارن. هاوڕەگەزخوازانی مێ توشی دوو ئەوەنە نا یەکسانی ئەبن لەبەر ئەوەی ژنن – وە بێبەشن لە هەمان ماف و پاراستن وەکو پیاوان – وە لەبەر ئەوەی هاوڕەگەزخوازی مێن کە لەگەڵ نەریتی کرداری سێکسی ناو عێراقی ناگونجێن. زۆربەی جار بەزۆر ئەدرێن بە شوو، وە لە کۆتاییدا کۆنترۆل ئەکرێن لەلایەن مێردەکانیان و خێزانەکانیانەوە بەبێ ئەوەی بتوانن شوناسی خۆیان دەرببرن. هاوڕەگەزخوازنی مێ هەروەها زەحمەتە بۆیان کە یەکتری بناسن بەهۆی نەبوونی هیچ تۆڕێکی یەکترناسین و نەبوونی هیچ شوێنێکی یەکترناسینی سەلامەت. لەناو زۆربەی هاوڕەگەزخوازانی مێ کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەلایەن ئێراقکویرەوە، هانا کە تەمەنی ٣١ ساڵە و لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەژی وتی "هەموو ڕۆژێک کە لەگەڵ مێردەکەما بەسەری




ئاگاداری بڵاوکراوەتەوە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٧ لە شەقامەکانی بەغدا هەڕەشە لەوانە ئەکات کە گومانیان لێ ئەکرێ هاوڕەگەزخوازابن.

# کێ ئەم پێشێلکاری و توندوتیژیانە ئەنجام ئەدات؟

ئەبەم، بەشێکی کە لە من ئەمرێت. باوکم زۆری لێ کردم کە شو بە کوڕی پورم بکەم. ئێستا خۆم ناناسمەوە کە سەیری خۆم ئەکەم لە ئاوێنەیا." چیرۆکی وەکو هانا زۆر بڵاوە لەناو کۆمەڵگای هاوڕەگەزخوازانی مێدا کە زۆریان لێ ئەکرێت ئەم توندوتیژیانە بچێژن لە هەمان کاتدا دابڕاون لە یەکتری لە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+).

هاوڕەگەزخوازانی (ها،د،ڕ+) عێراقی نیشانە کراون لە لایەن چەند گروپێکی جیاجیاوە، بەتایبەتی دوای هێرشکردنەکەی سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ کە شوێنی چۆل کرد و دەسەڵاتی مرۆڤە ئاینییە توندڕەوەکانی زیاد کرد کە بتوانن بە توندوتیژی نیشانەی ئەو کەسانە بکەن کە ناچنە ناو قاڵبی تێگەیشتنیان بەرامبەر پیاوانەیی و ژنانەیی و لەناویان بەرن. سەرەڕای وتارێکی ئیجابی لەلایەن سەرکردەی ئاینی ناودار و سیاسەتمەدار، موقتەدا ئەلسەدر کە کوشتنی هەموو کەسێکی بەتاوان کرد بە خەڵکانی هاوڕەگەزخوازیشەوە،[10] بەڵام توندوتیژی دژی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان لە عێراق هەر بەردەوامە. گروپی چەکداری وەکو داعش و اصحاب اهل الحق دوو گروپی سەرەکین کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان ئەکەن.[11] [12] تاوانەکانی داعش بەتایبەتی زۆر ئاشکراو گشتین و تۆقێنەرن. هەڵدانەخوارەوەی پیاوی هاوڕەگەزخواز لە بینای بەرزەوە وە بەردباران کردنیان ڕوو ئەدا بە بەردەوامی لەژێر دەستی داعشدا. بەڵام ئەم تاوانانە تەنها درێژەی دە ساڵ زیاتری هەڵمەتی کوشتنە دژی ئەو پیاوانەی بە هاوڕەگەزخواز یان ڕەگەزگۆڕ ئەبینرێن. ئەم هێرشانە بە سەرکردەی گروپی چەکداری وەکو اصحاب اهل الحق ڕابەری

**”خێزانەکەم ئەیانەوێت بمکوژن. ئەو خەڵکانەی منیان هێنایە ژیانەوە هەر ئەو خەڵکانەن کە ئەیانەوێت ژیانم لێ بسێننەوە، وە کەس نایەوێت پارێزگاریم لێ بکات “**

---

[10] "عێراق: بانگەشەی مامۆستایەکی ئاینی لە دژی توندوتیژی بەرامبەر هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+)." هیومان ڕایتس واچ Human Rights Watch. ١٨ی ئاب، ٢٠١٦. https://www.hrw.org/news/2016/08/18/iraq-clerics-call-against-anti-lgbt-violence.

[11] "مردن بۆ ئازادبوون: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی هاوڕەگەزخوازان لە عێراق | لە وەڵامدانەوە بۆ پێنجەم ڕاپۆرتی خولی کۆماری عێراق. ئاب ٢٠١٥. https://www.iraqueer.org/projects/publications/

[12] Banning-Lover, Rachel. "سەختترین ئەو شوێنانە کوێن لە جیهاندا کە تیایدا هاوڕەگەزخواز یان ڕەگەزگۆڕ بیت؟" The Guardian. ١ی ئازار، ٢٠١٧. https://www.theguardian.com/global-development-professionals-network/2017/mar/01/where-are-the-most-difficult-places-in-the-world-to-be-gay-or-transgender-lgbt.



وینەیەك پۆست كراوە لە لەلایەن لایەنگرانەی داعشەوە

ئەکرێت، کە فەرمان وەرەگرن لە سەرکردە ئاینییەکانەوە. زۆربەی جار لیستێک بڵاو ئەکەنەوە کە ناوی ئەو کەسە هاوڕەگەزخوازانەی تیایە کە پێیان ئەڵێن یان "بگۆڕێن" یان ئەکوژرێن. لیستەکان بە ناو بەغدا و شارەکانی کە بڵاو ئەکرێنەوە. گروپە چەکدارەکان خشت، بتڵی غاز، دەمەناچە و چەکی کەیان بەکارهێناوە بۆ کوشتنی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان. ئەم کوشتنانە واتراوە کە دواترینی لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ رویدابێت.[13] بێجگە لە کوشتن، ژمارەیەک پیاوی هاوڕەگەزخواز باسیان کردووە کە دەستدێژی سێکسیان کراوەتە سەر لەلایەن ئەندامانی ئەو گروپانە.

تا ئەم ڕۆژە ، حکومەتی عێراقی هیچ کەسێکی بەرپرسیار نەکردووە بۆ کوشتنی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان. بگرە حکومەتی عێراقی بە ئاشکرا هاوپەیمانی لەگەڵ اصاعب اهل الحق ڕایگەیاندووە بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش.[14] حکومەتی عێراقی خۆشی ڕاستەوخۆ بەشدار بووە لە پێشێل کردنی مافەکانی کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+). سەرەڕای پابەندبوونی لەژێر یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ کە دەبێت مافەکانی مرۆڤ بەرچاو بکات و بیانپارێزێت بۆ هەموو هاوڵاتییەک، وە پابەندبوونی بە چەندین پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ بە

[13] چاوپێکەوتنەکانی ئێراقکویر IraQueer لەگەڵ ٢٥٧ کەسانی هاوڕەگەزخواز(ها،د،ڕ+)دا – ٢٠١٧ – ٢٠١٨.

[14] بڵاوکراوەی ڕۆژنامە – ١٢ئ کانونی دووەم، ٢٠١٨، بڵاوکراوەی ڕۆژنامە – ٨ی کانونی دووەم، ٢٠١٨، وە بڵاوکراوەی ڕۆژنامە – ٤ی کانونی دووەم، ٢٠١٨. "اصاعب اهل الحق". پرۆژەی دژە توندڕەوی.
https://www.counterextremism.com/threat/asaib-ahl-al-haq.

پەیماننامەی نێودەوڵەتی دژی ئەشکەنجەدان، چەند کەسانێک – بەتایبەتی کەسانی ڕەگەزگۆڕاو – باسی ڕوودانی توندوتیژی جەستەیی و جنوێپێدان و دەستدرێژی سێکسیان کردووە لە چەندین سەیتەرەی ناو بەغدا و شاری کە. هەروەها ئێراقکویر چەند گرتە ڤیدیۆیەکی هەیە کە پۆلیس سوکایەتی و توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر خەڵکانی ڕەگەزگۆراو ئەنجام ئەدەن، لەکاتێکدا خۆیان تەسویری ئەکەن.

**"پۆلیس لە کەربەلا تەسویریان کاردم کاتێک زۆریان لێ کردم کە خۆم ڕوت کەمەوە. دوای ئەوە دەستدرێژی سێکسیان کردە سەرم."**

بە هەمان شێوە، کەسانی هاوڕەگەزخواز، بەتایبەتی ژنانی "ڕەفتار پیاوانە"، پیاوانی "ڕەفتار ژنانە"، و خەڵکانی ڕەگەزگۆڕاو توشی توندوتیژی جەستەیی بوون لە باکوری عێراق لەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. زۆربەی ئەو کەسانە دەسگیرکراون بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە بە مافەکانیان، یان بوونی هیچ نوێنەرایەتییەکی یاسایی.[15] سازگار، کە هاوڕەگەزخوازێکی مێی تەمەن ٤١ ساڵە لە سلێمانی چەندین جار دەسگیر کراوە لەلایەن پۆلیسەوە. بە ئێراقکویری وت "ئەفسەرێکی پۆلیسی هەڕەشەی لێ کردم دەستدریژی سێکسیم لێ بکات و وتی لەوانەیە ئەوە بمکات بە ژنێکی ڕاستی".

**کێ ئەم پێشێلکاری و توندوتیژییانە ئەنجام ئەدا؟ ٢٠١٥ـ ٢٠١٨**




لە باشوری عێراق، بەتایبەتی شاری وەکو کەربەلا و بەسرە، زۆربەی توندوتیژییەکان بەهۆی عەشیرەت و خزمانی دورەوە ڕوئەدات. خزمەکان نیشانەی ئەندامانی خێزان ئەکەن کە هاوڕەگەزخوازن بۆ ئەوەی "شەرەفی عایلەکە"یان بپارێزن. ئەم تاوانانە زۆربەی جار تۆمار ناکرێن.

هەروەها هەڕەشەی توندوتیژ ئەکرێنە سەر چالاکەوانەکانی خەمی خۆیان دەرەبرن دەربارەی کێشەی مافەکانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+). چەندین چالاکوانی مافەکانی هاوڕەگەزخوازان و ژنان نیشانەیان کراوەتە سەر لەلایەن گروپی ئاینی توندڕەوەوە. زۆربەی ئەو چالاکەوانانە زۆریان لێ کراوە کە وڵات بەجێ بهێڵن و بەمەش شۆڕشی هاوڕەگەزخوازان لاواز بووە. صلاح

---

[15] Shibata, Mari. "چۆن یەک پیاو لە هەوڵدانایە کە بارودۆخ سەلامەتتر بکات بۆ هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) لە عێراق." واشینتن پۆست The Washington Post. ٢٧ی تەموز، ٢٠١٦.
https://www.washingtonpost.com/news/soloish/wp/2016/07/27/how-one-man-is-trying-to-make-it-safer-to-be-lgbtq-in-iraq/?utm_term=.d6db88cdf15b.

# لەکوێ توندوتیژییەکان ڕوو ئەدەن؟

لە بەغداوە بە ئیراقکویری ڕاگەیان "ناتوانین پۆستەر چاپ بکەین کە مافەکانی هاوڕەگەزخوازان بڵاو بکاتەوە لەبەر ئەوەی چاپەمەنییەکان شکاتی لای پۆلیسمان لێ ئەکەن و زیندان ئەکرێین. ئەگەری هەیە زیندانی بکرێن تەنها لەبەر پرینت کردنی پۆستەرێک"

خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان سەرکوت کراون لە هەموو سوچێکی عێراقدا. توندوتیژییەکان لە چەند شێوازێکدان، بەگوێرەی ئەوەی لە چ بەشێکی وڵاتەکەیا ڕوو ئەدەن. لە چەند بەشێکی عێراقدا توندوتیژییەکان زیاتر ئاشکران، بەڵام لە بەشەکانی تر، توندوتیژییەکان زیاتر نهێنین.




زۆربەی توندوتژییە ئاشکراکان کە کەسانی (ها،د،ڕ+) تووشی ئەبن لەناو بەغداو شارەکانی دەوروبەری ڕوئەدەن. ئەمەش بە گشتی لەبەر ئەوەیە گروپی چەکداری وەکو اصحاب اهل الحق لە ناو بەغدا و شارەکانی دەوروبەری کاری خۆیان ئەنجام ئەدەن. لەوانەشە لەبەر ئەوە بێت کە زانیاری و هەواڵ لەسەر توندوتیژییەکان لەم ناوچانە بە ئاسانتر دەس ئەکەون وەک لە ناوچەکانی تر. لەلایەکی ترەوە، توندوتیژییەکانی لە کوردستانی عێراق ڕووئەدەن کەمتر تۆمار ئەکرێن لەبەر چاودێری توندی پۆلیس لەسەر هاوڵاتیان، وە خواستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ناوبانگێکی دۆستانە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. لە باشوری عێراق، زۆربەی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان هەڕەشەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە لێ ئەکرێت. ئەم تاوانانە بە تاوانی شەرەف دا ئەنرێن.

لە کۆتاییدا، داعش بەرپرسیارە لە کوشتنی ئاشکرای دەیان خەڵکی (ها،د،ڕ+) لە ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧. ڕێکخراوەکانی وەکو ئیراقکویر و ئاوترایت ئاکشن ئینتەرناشناڵ زیاتر لە ٣٠ کوشتنیان تۆمار کردووە.[16] بەڵام توندوتیژییە بڵاوەکان هێشتا هەر دانی پیا نەراوە لەلایەن حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستانەوە. هەتا شوێنی دۆستانە بۆ هاوڕەگەزخوازان وەکو کافتریا و ڕێستۆرانت بە دەگمەن بوونیان هەبووە لە عێراقدا. ئەو شوێنانەی دۆستانە بوون بۆ خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان گەورەترین نیشانی تیرۆرست بوون لە کاتی هێرش کردن و تەقاندنەوە، وە هیچ شوێنێکیان نەهێشت بۆ کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+) لەناو شارەکەیا.[17]

---

16 مافەکانی مرۆڤی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+). "کوشتنی وتراو لەلایەن داعش بۆ سزادانی سۆدۆمی و تاوانی "ئەخلاقی" کە. "YouTube. ٣١ی ئاب، ٢٠١٥. https://www.youtube.com/watch?v=uuW3HzhwmkQ

17 "ئەیانەوێت بەتەوای لەناوببرێین" | کوشتن، ئەشکەنجەدان، باری ڕەگەزخوازی و جێندەر لەناو عێراقدا. " هیومان ڕایتس واچ Human Rights Watch. ٢٩ی نیسان، ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/report/2009/08/17/they-want-us-exterminated/murder-torture-sexual-orientation-and-gender-iraq.




چەند گرتەی شاشەیەک لە کەناڵی ئافاقەوە لە ڕاپۆرتەکیان لەسەر ئێراقکویر و ڕێکخراوی کەی لەو بابەتە – تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

# ڕۆڵی میدیاکان

میدیاکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژی دژی خەڵکانی (ها،د،ڕ+) لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بە بەکارهێنانی زمانی رقابەر دژ بە هاوڕەگەزخوازان و ڕەگەزگۆڕاوان وە پرۆپاگەندەکردنی زانیاری نادروست لەسەر خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان، میدیاکان بەشدار بوون لە وروژاندن و بەردەوام پێدانی تێروانینی نا یەکسانی بەرامبەر خەڵکانی (ها،د،ڕ+). بەکارهێنانی وشەی وەکو "هەتیوباز"، "نا ئاسایی" وە وشەی کەی ئیهانەکەر بڵاون لە میدیاکانی عێراق کە ئاماژە بۆ کەسانی (ها،د،ڕ+) ئەکەن. کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان زۆربەی جار قسەیان لەسەر ئەکرێت لە تەلەفیزیۆن لەلایەن میوان و "شارەزا"یان کە هەرگیز کاریان لەسەر هیچ کێشەیەک نەکردووە پەیوەندی بە مافەکانی هاوڕەگەزخوازنەوە هەبێت وە هیچ باکگراوندێکیان نییە کە ئامادەیان کات کە زانیاری و بیرورا بڵاو کەنەوە لەسەر خەڵکانی (ها،د،ڕ+) لەبەردەم بینەرێکی زۆردا. سەرکردەی ئاینی و دەروونناسان زۆربەی جار بیروباوڕی شەخسی خۆیان بەکار ئەهێنن وەکو بنچینەیەک بۆ "ڕای شارەزایانەیان" لەبری ئەوەی پشت بە ڕاستییەکان ببەستن. کاریگەری ئەکەنە سەر ڕای گشتی و ڕاگەیاندنی دژە هاوڕەگەزخوازی و دژە ڕەگەزگۆری ئەکەن بەبێ هیچ بنچینەیەکی دروست، وەکو ئەوەی ئەڵێن بوونی هاوڕەگەزخوازای دەرئەنجامی دەستدرێژی کردنی سێکسییە و ئەبێ چارەسەری بۆ بکرێت،

یان خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) مەترسی ئەخەنە سەر بنچینەی هاوسەرگیری و مەترسییان هەیە بۆ سەلامەتی منداڵان.

میدیاکان، بەتایبەتی تەلەفیزیۆن، ڕۆڵێکی گەورە ئەبینن لە پێکهێنانی تێڕوانینی خەڵکی لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا. بەپێی ڕاپۆرتێک لەلایەن BBG لە ٢٠١٧، ٪٩١ی خەڵکانی سەرو ١٨ ساڵ هەواڵ و زانیارییەکانیان لە تەلەفیزیۆنەوە وەرەگرن. نەبوونی سەرچاوەی دروستی زانیاری دەربارەی باری ڕەگەزخوازی و شوناسی جێندەری بۆ ئەندامانی میدیای تەلەفیزۆنییەکان سەرچاوەیەکی گەورەی مەترسسیە بۆ خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+). کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان تەنها کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سلبی کاریان کردۆتە سەر تێڕوانینی خەڵکانی (ها،د،ڕ+) بۆ سەر خۆیان.[18] سعد لە سامەڕراوە بە ئێراقکویری وت کە چۆن بیری لە خۆ کوشتن کردۆتەوە دوای ئەوەی سەیری پرۆگرامێکی تایبەتی کردووە لە کەناڵی الشرقية لە ساڵی ٢٠١٤. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا، سەرەڕای پشت بەستنێکی بەردەوام بە زانیاری نادروست، ژمارەیەک لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییە گەورەکانی وەکو الشرقية و NRT خەریکە هەوڵ ئەدەن کە زمانێکی بێ لایەنانە بەکار بێنن لەم چەند ساڵانەی دواییدا، دوای ئەوەی گوشاریان خرایە سەر لەلایەن ڕێکخراوەکانی وەکو ئێراقکویر و ئیندیپێندێنت جۆرنەلیست Independent Journalists. بەڵام بەشێکی هەرە زۆری دەزگای میدیاکان بە لایەکدا ئەشکێنەوە لە شێوەی پێشکەشکردنی بابەتەکان کە پەیوەندی هەبێت بە کەسانی هاوڕەگەزخوازەوە (ها،د،ڕ+).

لایەندارێتی، دژە هاوڕەگەزخوازی، دژە ڕەگەزگۆڕی میدیاکان بەرامبەر بابەتەکانی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازانەوە هەیە ڕەنگەدانەوەی تێروانینی حکومەتە لەسەر خەڵکانی (ها،د،ڕ+) لەبەر ئەوەی زۆربەی دەزگاکان لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆل ئەکرێن. هەرچەندە پرۆگرامی دەزگای میدیاکان و چاپەمەنییەکان هاوکاری وروژاندنی هێرشکەر و هێرشکەرانی دژ بە کەسانی هاوڕەگەزخواز ئەکەن، لیژنەی گەیاندن و میدیای حکومەتی عێراقی، کە چاودێری و ڕێکخستنی دەزگای میدیاییەکان ئەکا، هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی نەگرتۆتە بەر بۆ بەرپرسیار کردنی دەزگای میدیاکان بۆ ڕاپۆر کردنی نا ڕەوشتی و لایەندارێتی. کەناڵی (الأحد) بە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە ئەندامانی ئێراقکویر کردووە. لە کورتە نامەیەکدا بۆ ئەندامێکی ئێراقکویر، وتیان "واز بێنن لە دیفاع




[18] چاوپێکەوتنەکانی ئێراقکویر IraQueer لەگەڵ ٢٥٧ کەسانی هاوڕەگەزخواز(ها،د،ڕ+)دا – ٢٠١٧ – ٢٠١٨.

# پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازانی عێراقی

کردن لە "خەڵکی نێروموک" ئەگەر نا سەرتان لەناو تەنەکەخۆڵ ئەدۆزرێتەوە وەکو ئەوانەی پێش خۆتان،" کە ئاماژە بۆ ئەو کەسانی هاوڕەگەزخوازە ئەکەن کە پێشتر کوژراون، زۆربەیان سەریان براوە.

ئەندامانی کۆمەڵگەی (ها،د،ڕ+) توشی مەترسی لەڕادەبەدەر ئەبن کاتێک لەناو وڵاتەکەیا ئەژین. تەنها بینینی یەکێک بە هاوڕەگەزخواز بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی مەترسی لەسەر ژیانی کەسێک. جگە لە نایەکسانی درێژ خایەن، وڵاتانی پەنابەر وەرگر و نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو نەبوون لە ئاماژە کردن بە کەموکورییەکانیان لە مامەڵە کردن لەگەڵ پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان. نزیکەی هەموو وڵاتە پەنابەر وەرگرەکان داوا لە پەنابەرەکان ئەکەن کە بەڵگەیان هەبێت بۆ پشتگیری داواکانیان، وەک پیشاندانی هەڕەشەکانی توشی بوون. هەرچەندە ئەمە داوایەکی گونجاوە، بەڵام لەژێر ئەو تێگەیشتنەیایە کە هاوڕەگەزخوازانی عێراقی توانیویانە ئەو بەڵگانە کۆ بکەنەوە بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان ماڵ و وڵاتەکەیان بەجێ ئەهێڵن لەناکاو و بەبێ ئەوەی کاتیان هەبێ دۆسیەکانیان کۆکەنەوە، یان لەوانەیە هەر لە سەرەتاوە بەڵگەکانیان نەبوبێت لەبەر ئەوەی زۆربەی هەڕەشەکان تۆمار ناکرێن. عەممار کە پەنابەرێکە لە ئەڵمانیا بە ئێراق کویری وت "خولەکێک دوای ئەوەی باوکم گرتمی لەژوورەکەم لەگەڵ خۆشەویستەکەما ڕامکرد. ئەگەر بمامایەتەوە بۆ ئەوەی ئەوراقەکانم کۆکەمەوە، ئێستا مردبووم".

بە هەمان شێوە، پرۆگرامی گواستنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو بارودۆخە تایبەت و لەڕادەبەدەرەی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازانی پشتگوێ خستووە. پرۆگرامەکە داوایان لێ ئەکات کە لەو وڵاتەی ناویان نوسیوە بمێننەوە بەبێ هیچ یارمەتییەکی نیشتەجێ بوون و دارایی، وە لە هەممان کاتدا بۆیان نییە کار بکەن لەو وڵاتانە ئەمەش وایان لێ ئەکات ڕێگای کە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ژیانیان بەردەوام بێت. تاریق، پیاوێکی هاوڕەگەزخوازی تەمەن ٢٨ ساڵە کە لە بەیروت ژیاوە لە ٢٠١٥ەوە بە ئێراقکویری وت "پارەکەم بە خێرایی تەواو بوو دوای ئەوەی گەشتمە بەیروت لەبەر ئەوەی گرانترە لە کەربەلا کە لێی ئەژیام. ئێستا، ناچارم لەشفرۆشی بکەم بۆ ئەوەی بتوانم نان پەیا کەم و شوێنێکم هەبێ لێی بژیم." لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفسەرانی پەنابەران داوای پەنابردن ڕەفز ئەکەنەوە لەبەر ئەوەی پەنابەرەکان "نەیتوانتوانی بیسەلمێنن کە هاوڕەگەزخوازن".[19] کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەبێ ڕێزی ستاندەردەکان بگرێت کە بنیاتنراون لەلایەن نەتەوەکانەوە بە پەیماننامەی پەنابەران و ڕێنماییەکانی UNHCRەوە

---

[19] ڕادیۆ، سڤێرییا. "دەزگای پەنابەری ناتوانێت باسی ژمارەی کەیسی پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) بکات کە کاری لەسەر ئەکەن – ڕادیۆ سویدن." ڕادیۆ سویدن Radio Sweden | سڤێرییا ڕادیۆ Sveriges Radio. http://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=2054&artikel=6753213.

# پابەندبوونی یاسایی عێراق

لەسەر پاراستنی نێودەوڵەتی ژمارە ٩ کە پێشنیاری تێکرا دابین ئەکا بۆ شارەکان کە جێبەجێی بکەن کاتێک مامەڵە لەگەڵ پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان (ها،د،ڕ+) ئەکەن.

لەژێر دەستوری عێراقی، حکومەت دەبێت مافەکانی هەموو هاوڵاتییەک بپارێزێت. لەناو مافەکاندا، مافی ژیان، تایبەتمەندێتی، و ئازادی دڵنیای لێکراوەتەوە بۆ هەموو عێراقییەک بێ گوێدانە باکگراوندیان. پاشان، کۆدی سزای عێراقی دڵنیای ئەوە ئەکاتەوە کە حکومەت سزای هەموو ئەو تاوانبارانە ئەیات بۆ تاوانەکانیان کە تاوانیان دژ بە مافەکانی مرۆڤ کردووە. بەرپرسیارکردنی کوژەر، ڕفێنەر، و ئەشکەنجەدەر دڵنیای لەسەر کراوەتەوە لە بەندەکانی ٤٠٥،٤٠٦،٤١٢، و ٤٢١دا.

حکومەتی عێراق پابەندبوونی یاسایی هەیە کە مافەکانی مرۆڤی هەموو هاوڵاتییەکی بپارێزێت لەژێر یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ. پرۆسەی دووبارە بنیاتنانی عێراق دوای دەرئەنجامی داعش ئەبێ هەموان بگرێتەوە. بەرپرسیار کردن بۆ تاوان دژی کەسانی هاوڕەگەزخواز (ها،د،ڕ+)، ژنان، وە گروپی تر ئەبێت بەجێ بهێنرێت، وە ئەبێ ئەم تاوانانە ڕێگەیان لێ بگیرێت. بۆ دڵنیابوونەوە لە پاراستنی مافەکانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان، عێراق پێوست ناکات هیچ هیچ یاسایەک دانێت یان بگۆڕێت. حکومەتی عێراقی تەنها پێوست بەوە ئەکات کە ڕێز لە پابەندبوونەکانی بە یاسا و دەستوری دەوڵەتییەوە بگرێت و جێبەجێیان بکات.



## — پێشنیارەکان —

### بۆ حکومەتی عێراقی

- بە ئاشکرا تاوان دژی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) بە نا یاسا دابنێ، وە هەنگاوی دیار بگرن بۆ سزادانی تاوانبارانی وەکو میلیشیای داعش و گرووپی چەکداری کە بۆ تاوانەکانیان.
- لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئیندیپیندێنت ئێکسپێرت (Independent expert) بکەن لەسەر باری ڕەگەزخوازی و شوناسی جیندەری وکار لەگەڵ (Special Rapporteur) بکەن لەسەر کوشتنی بێ دادوەری بۆ تۆمار کردنی نە یەکسانی دژی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+)، وە بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان.
- پارێزگاری لە چالاکەوانی مافەکانی مرۆڤ بکە کە کار لەسەر مافەکانی خەڵکانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) ئەکەن.
- ڕاهێنانی هەستیاری دابین بکەن بۆ هێزی پۆلیسەکان لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندی بە شوناسی جێندەری و باری ڕەگەزخوازییەوە هەیە.
- پێوانەی ڕەوشتی بەرزتر بڵاوبکەنەوە و پابەندی بکەن بۆ ڕاپۆرکردنی میدیاکان.
- ڕێز لە دەستوری عێراقی و کۆدی سزادانی عێراقی بگرن و جێبەجێیان بکە، کە هاوڕەگەزخوازای بە تاوان دانانێت، مافەکانی ئازادی دەربرین و تایبەتمەندێتی عێراقییەکان ئەپارێزێت، وە داوای یەکسانی ئەکات لەبەرامبەر کوشتن، ئەشکەنجەدان، وە توندوتیژی کە.

### بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان UN و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی International Community

- ئاگادارای بڵاو کەنەوە کە تاوان دژی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) لە عێراق بە نا یاسا دابنرێت، وە هانی حکومەتی عێراقی بدە کە هەنگاوی پێویست بگرنە بەر.
- زۆر لە حکومەتی عێراقی بکە کە ڕێز لە دەستوری عێراقی و پابەندبوونی بە ستانداردی نێودەوڵەتی بگرێت بە پاراستنی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) لە توندوتیژی.
- گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراقی کە کار لەگەڵ ئیندیپیندێند ئێکسپێر Independent Expert بکەن لەسەر باری ڕەگەزخوازی و شوناسی جێندەری، وە کار لەگەڵ Special Rapporteur بکەن لەسەر کوشتنی بێ دادوەری.
- پرۆسیجەرێکی تایبەت بنیات بنێنین بۆ پەنابەرانی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) کە حساب بۆ بارودۆخە جیاکەیان بکات، وە جێبەجێیان بکەن لە سەرتاسەری وڵاتە پەنابەروەرگرەکان و لە UNHCR.
- هانی شاندی عێراقی بۆ نەتەوە یکگرتووەکان UN بدە بۆ کۆبونەوە لەگەڵ چالاکوانی هاوڕەگەزخوازانی(ها،د،ڕ+) عێراقی، بەتایبەتی کە ئێستا عێراق بەشێکە لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ.

# دەربارەی ئەم ڕاپۆرتە

ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامی پرۆژەی توێژینەوەیەکە کە یەک ساڵی خایاندووە و پێکەوە نراوە لەلایەن ئەندامانی ئێراقکویر لەگەڵ ئاماژە کردنە بە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکانی وەکو ئاوتڕایت ئاکشن ئینتەرناشناڵ، مادرێ، و هیومان ڕایتس واچ، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ ٢٥٧ کەسانی هاوڕەگەزخواز، ١١ کارمەندی حکومی، ١٦ سەرکردەی ئاینی، ٢٠١ ئەندامانی کۆمەڵگەی عێراقی. ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسە هاوڕەگەزخوازانە(ها،د،ڕ+) ی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەناو عێراق ئەژین. وە ئەوانەی کە لە دەرەوەی عێراق ئەژین و یان لە پرۆسەی گواستنەوەیان یان مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووە. لەبەر پاراستنیان، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە هاوڕەگەزخوازەکان بە نهێنی ئەنجام دراون، وە لە چەند حاڵەتێکدا، بەبێ درکاندنی ناویان. چاوپێکەوتنەکان بە ڕووبەڕوو ئەنجام دراون هەروەها لەڕێگەی تەلەفون، ئیمەیڵ، و ڕێگەی تر.



IRAQUEER
عراق كوير عيڕاق کویر

ئێراقکویر یەکەم و تەنها ڕێکخراوی هاوڕەگەزخوازان(ها،د،ڕ+) ە کە بایەخ بە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەیات. لە ساڵی ٢٠١٥ دامەزراوە و وە لەو کاتەوە نازناوی نێودەوڵەتی پەیا کردووە لەنێوان ڕێکخراوانی مافەکانی مرۆڤ، دەزگاکانیUN ، وە هیتر. لە ڕێگەی بایەخدان بە بنیاتنانی زانیاری و لایەنگری نێودەوڵەتی، ئێراقکویر ڕابەری یەکەم جوڵەی هاوڕەگەزخوازان ئەکات.

ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری ڕێکخراوێکی کەی عێراقی کراوە کە بە خواست خۆیان نەیان ویست ناویان بهێنرێت.

بۆ زانیاری زیاتر
سەردانی ماڵپەڕی ئێراقکویر بکە:
www.iraqueer.org
سەردانی پەیجەکانی IraQueer بکە لە Twitter, Facebook, Instagram, LinkedIn وە YouTube.

Supported By
COC Netherlands